# ( چاوه کا نت منیان نا سی )

دیار محمد




پێش ناسینت
خۆر تۆپێکی منداڵیم بوو
مانگیش ئاوێنەی جوانیم بوو
کەگەورەبووم
پێشکەشی تەنیای تۆم
کرد لەئێوارەیەکی شوومدا
بەدەستی لەرزۆکایم و
بەقاچی پڕلە خوێنمەوە
کۆشکی دڵم بەترسەوە
لەگەڵ گۆزە شکاوەکەی تەمەندا
دووبارە دروست کردەوە
لەگەڵ نیگای پڕ تەلیسمی چاوەکانتا
تاریکی شەوت پێ بەخشیم
لەئێوارەیەکی شومدا کەتۆم خۆش ویست
لەگەڵ شەرە ووشەی نیگاکانتا
ڕەشیت بەشەوگارم بەخشی
بەئاوابونت لەمەغریب و
لەعەشق و لە ڕزین
وە ك گوناهبارێکی بێ گوناه
منت هەڕاجی بازاڕەکانی چاوت کرد
ئێستاش لەتەنیای شەودا
پاڵەوانێکی بێ غیرەتم
خۆری تۆپی منداڵیم و
گۆزە شکاوەکەی جارا
دوبارە دروست کردەوە....

deyar.mahamad@gmail.com

11/1/2006